


# مەرکانەکان بۆ جوانی ماڵ

ماڵەکان پێویستیان بەجوانی و ناسکی لە کەرەستەکان و شێوازی دانانی کەرەستەکان دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا جوانییەکی کراوە و تایبەت یەکێك دەبێ لە هەنگاوەکانی جوانکاری ماڵەکان، چەندین جۆرە ئێکسسوارەکان وادەکەن کە جوانییەکی رەها بە ماڵەکان بدرێ و لە نزیکەوە تایبەتمەندی و رازاوەیی پێوە دیار بێ، ئەو شێوازانەش دەبێتە یەکێك لە مۆدە جوانەکان، بەم لایەنە دەکرێ جوانی هەر لایەنێکی ماڵ بە ناسکی دەربکەوێ. بۆیە مەرکانەکانی رووناك کردنەوە، دەبنە یەکێك لەو کەرەستانەی کە بەهۆیەوە دیمەنێکی جوان دەبەخشن، هەروەها ئامێرێکە بۆ رووناکی ماڵەکان.



# ستایلێکی نوێ بۆ کراسی کوردی

مۆدەیەکی تازە لە کراسی کوردی، بە شێوەی سەرەوە کراوە، لە رەنگی شین، ستایلێکی ناسکی لەخۆوە گرتووە، پارێزگاری کراوە لەسەر شێوەی کلاسیکی، بەدیمەنێکی نەرم دەردەکەوێ، تەنانەت لەسەر ستایلی نوێ دیزاینی بۆ کراوە، کەچی هەمان شێوەی پێشوو دەردەخات، تەنانەت دەبێتە رازاوەترین کراسی کوردی لە رەنگی شین.







# دوو ستایل له بەدڵلەی خانمانی بووک

شێوازەکانی دانانی کراسی بووک، ماوەیەکی زۆرە چەندین ڕێگەی جوانی لە خۆوە گرتووە، بۆیە دەکرێ لە ڕێگەی ئەو مۆدانە جوانترین کراس ئامادەبکەین بۆ خانمی بووک، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی و جوانی خۆی دەردەخات، لەسەر ڕێگەیەکی تایبەت و کراوە لە مۆدەکانی کراسی خانمانی بووک، یەکێك لەو مۆدانە بریتییە لە چەندەها مۆدە تایبەتەکان، بۆیە دەتوانرێ لە ڕێگەی ئەم مۆدانەوە ستایلێکی تایبەت وەك ئەو دوو بەدڵلەیە کارێکی ناسکی بۆ ئامادە بکرێ، دەتوانن سوود لەشێوەی ئەو کراسانە وەربگرن.

# بۆ دەرخستنی جوانی چاوەکان

ماکیاژەکان کار دەکەن لەسەر جوانی خانمان، بەجۆرێك لە مۆدەیەکی تایبەت و کراوە دەردەچن و لە نزیکەوە لەشێوازی تایبەت و کراوەدا دەردەکەون، ئەمەش وادەکات بەجوانی و ڕازاوەیی پێستی ڕووخسارەکان شێوازێکی کراوە و جوانیان هەبێ، ئەو جۆرە ماکیاژە بە ماکیاژی چاوی تیژ ناسراوە، کە بە شێوەیەك مۆدەی بۆ دەکەن، ئەمەش کاتێك برێکی ڕەنگی ڕەش لەژێر چاوەکان دەدرێ و بە دیمەنێکی تیژ دەردەکەوێ.

ئەم جۆرە مۆدەیە بەجوانترین و ڕازاوەترین مۆدە دادەنرێ و لەڕێگەی دانانی ئەو ستایلەوە، ڕەنگدانەوەی تەواو دەردەخات، بۆئەوەی ماکیاژێکی ناسك دەربکەوێنێت، بۆیە ڕەنگەکان لەپشت چاوەکان زیاتر کاریگەری دەبێ بۆ ماکیاژی ڕووخسار.







بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560
Email: iwan_gardi@hotmail.com

# پێڵاوی پاژنە بەرز بۆ پیاوان

بێگومان دەزانین پێڵاوە پاژنە بەرزەکان لەلایەن ئافرەتانەوە دەپۆشرێن، ئەمەش وەکو مۆدەیەکی تایبەت بۆ خانمانە، بەڵام وادیارە لە داهاتوودا کوڕانیش پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ دەکەن، لە هەنگاوێکی تازە بۆ سەیرترین کاری لاسایی کردنەوە، ئەمەو وا بڕیارە ئەم پێنجشەمەیە چەندین پیاوان و گەنجانی وڵاتی ئەمریکا، بۆساڵی (٣) پێڵاوی ئافرەتان بپۆشن بە کۆمەڵ، بۆ ئەوەی وەك خانمان خۆیان رابهێنن تاوەکو ئەم جۆرە پێڵاوە بپۆشن.

ئەوەی دەیبینن دیمەنێکی تاقیکردنەوەیە کە گەنجێك پێڵاوی پاژنە بەرزی لەپێ کردووە و بەناو شۆست و شەقامەکانی ئەو وڵاتە دەگەڕێ، داوا دەکەن کە وەك ئافرەتان پێڵاوی پاژنە بەرز بپۆشن، چونکە ئافرەتان چەندین کە رەستەی پیاوانیان هەڵگرتووە لەوانە (ریبات – قاتی چاکێت).



# کوڕە جوانێکی کوردستان

ئەو کوڕە جوانە، ناوی (ئەلەند)ە و یەکێکە لە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان، (مەبەست تەنیا سەیری وێنەکانی گوڵان دەکات)، تەمەنی (٢) ساڵە و بە رێگەی ئیمێل بۆمان ناردراوە، وەك دەبینن جلێکی کوردی جوانی پۆشییوە، کە جلێکی رەسەنی کوردی و جوانە.





# جلوبەرگی داهاتوو!

جلوبەرگ بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ داپۆشێ، هەر کەسێك سەربەخۆیە لەوەی چ جلێك دەپۆشێ، کەچی جلەکان هەر یەکە لە شێوە و ستایلێکی تایبەتە، کەچی وادیارە بۆ داهاتوو جلەکان دەگۆڕێن و دەبن بە بۆیە، مەبەست لەجیاتی ئەوەی جلێك بپۆشێ، دەتوانێ بەبۆیە جلێك بۆ خۆت ئامادە بکەی، ئەوەی دەیبینن جلی داهاتووە، ئەوەی سەیر بێ، حیساب بۆ ساردی و گەرمی کراوە، ئەمەش لە رێگەی رێژەی بۆیەکە دادەنرێ، کە دەتپارێزی لە ساردی و گەرمی.





## سمێڵ گەورەکان

ئەوانەی حەز بە سمێل دەکەن، ژمارەیەکی کەمییان هەیە لەناو خەڵك، بەڵام هەندێکیان گرنگی بەو لایەنە دەدەن و حەز دەکەن سمێڵیان درێژ و گەورە بێ، بۆیە لە وڵاتی نەمسا، سەیرترین نمایش کرایەوە، بۆ ئەوانەی سمێڵیان درێژە یان گەورەیە، وەکو لە وێنەکاندا دەبینن، هەر یەکە بە سمێڵێکی تایبەتەوە بەشداری کردووە لە نمایشەکە، بۆیە هەر یەکە بە شێوە و جوانی خۆی کاری ڕێکلام و نمایش بۆ سمێڵە فشەکەی دەکات.





## بووک و زاوای مەیموون



ئاهەنگەکان زیاتر بۆ مرۆڤ دەکرێن، کەچی وادیارە بەم دواییە گیاندارانیش دەیانەوێ لاسایی مرۆڤ بکەنەوە، ئەمەش لەرێگەی یارمەتی دانی مرۆڤەوە بۆ ئەو گیاندارانەوە، لێرەدا باسی ئەو دوو مەیموونە دەکەین کە وەك بووك و زاوا رازاندرانەوە و لە ئاهەنگێکی تایبەتدا، وەك بووك و زاوایەك ڕێزیان لێنرا، ئەمەش وادەکات کە زیاتر پارێزگاری لە مافی گیانداران بکەن، بۆ ئەوەی لە ژیان بەشدار بن، بەهۆی ئەوەی، چونکە مەیموون زیاتر لە مرۆڤ دەچێ.

## ماچ بە سەیرترین شێوە

ماچ یەکێکە لەجۆرە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ، کە مانای ڕێزگرتن و هەست گۆڕینەوە دەبەخشێ، ئەمەش دەچێتە نێوان دوو لایەنەوە، کە یەکێکان بۆ مانای ڕێزگرتن و دەبڕینی هەستێکی جوان، لەلایەنی دووەمیش بۆ خۆشەویستی و گۆڕینەوەی هەستەکانە لەناخەوە بۆ دەرەوە، بۆیە چەندین شێوازی ماچ دەرکەوتووە، کە دەکرێ بە جۆرێك بێ، جێگەی سەرسوڕمانی بێ، ئەمەش وادەکات ببێتە ڕێگەیەکی جوان و تایبەت لەکاتی گۆڕینەوەی ماچەکان. ئەوەی دەیبینن چەند شێوەیەکە لە ماچکردنی نێوان مرۆڤەکان، تەنانەت نێوان گیانداران و مرۆڤیش دەگرێتەوە.







# ژمارەی پێوانەیی..
# لە ٦/٦ مارەی کرد، ٩/٩ گواستییەوە، ١٠/١٠ منداڵیان بوو




ئاژانسەکانی وڵاتی سوید هەواڵی پیاوێکیان بڵاو کردەوە بەناوی شارلۆت لۆفیکست مێردی خاتوو توبیاس شونسترومسە کە لە ٢٠١٠/١٠/١٠ منداڵێکیان بووە، هەواڵەکە تا ئێستا ئاساییە، بەڵام کاتێك باس لە بەرواری مارەکردن و گواستنەوەی ئەو ژن و مێردە دەکرێت، ئەوا دەبێتە هەواڵێکی سەرنج راکێش.

ئەو پیاو و خانمەی ناومان بردن خەڵکی وڵاتی سویدن، لە ٢٠٠٦/٦/٦ پرۆسەی مارەکردنیان بەجێ دەهێنن، و لە ٩/٩ ٢٠٠٩ یەکەم رۆژی مانگی هەنگوینییان دەست پێ دەکات، بە لەدایك بوونی یەکەم کۆرپەشیان لە ٢٠١٠/١٠/١٠ گەورەترین ژمارە پێوانەیی تۆمار دەکەن.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەئێستاوە هەوڵ بدە بەشێوەیەك وەڵامی کەسی بەرامبەر بدەیتەوە کە بڕوات پێبکات و لێت زیز نەبێت بەهۆی ئەوەی ماوەیەکە وا هەست دەکات لەبیرت کردووە و چەند پرسیارێکت ئاراستە دەکات.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بەرپرسیاریەتیت زیاتر دەبێت، ناکرێت وەك جاران بەئاسانی هەموو شتێك لەبەرژەوەندی تۆدا بێت، هەرچەندە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕوات بە تواناکانت زیاتر بێت و دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنیت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەم ماوەیە هەست بە بێزاری دەکەی، بەڵام بۆ کاتێکی کەم و کۆتایی پێدێت، ئەگەر کەسانی خاوەنی ئەم بورجە ئارەزوویان لە پێوەندی سۆزدارییە، ئەوا ئەو پێوەندیە لەرێگەدایە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

گوێ لەقسەی بەرامبەرەکەت بگرە و واهەست مەکە هەموو کاتێك قسەی خۆت راستە، ئەوکات بەشێوەیەکی زانستی بەراوردیان بکە و بۆت دەردەکەوێت کە بیروبۆچوونی ئەو زۆر گرنگە.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەوەندە بەو شێوەیە بیر لە خۆشەویستەکەت مەکەوە، لەکاتێکدا ئەو هیچ تاوانێکی نییە تا دڵی بشکێنیت، دەستخۆشیت لێدەکرێت بەهۆی سەرکەوتنت لە پرۆژەیەکی نوێدا.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

دەبێت زیاتر بەهێز بیت و ئەو بڕیارانە کاریگەریت لەسەر دروست نەکەن، ئەمە یارمەتیت دەدات لەداهاتوو ئەو شکستانە دووبارە نەبنەوە و ئەو کاتە دەستخۆشیت ئاراستە دەکرێت.



**ئامادەکردنی:داریۆ**

## نوکتە


- پۆلیسێک لە سەرخۆشێک دەپرسێ «لەکوێ دەژی؟» ئەویش دەڵێت لەگەڵ براکەم، دەڵێت ئەی براکەت لە کوێ دەژی؟ ئەویش دەڵێ لەگەڵ من، کابرای پۆلیس توورە دەبێت و دەڵێ بێ عەقڵ تۆ و براکەت لە کوێ دەژین؟ ئەویش دەڵێت «لەگەڵ یەک».

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت لەماوەی (٢) خولەکدا (٩) جیاوازی لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.








## ئاسۆیی:

١- شاعێرێکی کوردبوو

٢- سەرۆکی باشوری ئەفریقیا(پ).

٣- خێل(ت)- نیوەی کاوە- ڕێگا(پ).

٤- نیوەی یەزد- فیل(ت)- جۆرە بەهاراتێکە.

٥- ڕووبار- قەرار(ت).

٦- ناوێکی کوڕانە(پ)- ڕۆژنامەیەکی رووسی یە.

٧- ناوێکی کوڕانە(پ)- بێدار(ت).

٨- وەکو یەك- لەبەرچی بە ئینگلیزی (پ).

٩- گویا(ت)- سەرکردەیەکی چینی بوو.

١٠- جۆرە کاتژمێرێکە(پ) – کۆ(پ) – دوو پیتی کەف.

١١- یۆنان(ت)- شارۆچکەیەکە لە بەسڕە(پ).

١٢- وەزیری بەرگری ئێران.

## ستوونی:

١-سەرۆکی ئەسیوبیا.

٢- بیرکردنەوە-چیایەکی کوردستانە(پ).

٣- بیرەوەری(پ)- شاعێرێکی کورد بوو.

٤- نیوەی حمید(نووسەرێکی کوردە(پ).

٥- هاوینە هەوارێکی کوردستانە(پ)- خۆم(پ).

٦- فیڵکردن

٧- وەکو یەك- هەوا(پ)- ژمارەیەکە(پ).


٨- دوو پیتی سێو- خاوەنی قەڵای دمدم.

٩- خاکە(ت) وەکو یەك- گیاندارێکی ئاوی یە(پ).

١٠- دوو پیتی سایە- جۆرە بێهۆشکەرێکە(پ)- دراوێکە(پ).


١١- جۆرە ئۆتۆمبیلێکە(پ)- پیتێکی E یە- پایتەختی ئاسیایە(پ).

١٢- زانایەکی ئایینی شاری هەولێر بوو.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کەسێکی نزیکت گلەییت لێدەکات بەوەی هیچ هەواڵی ناپرسیت و ئەوت لەبیر کردووە، بەهەمان شێوە هاوڕێکانت پێیان سەیرە کە چۆن بەماوەیەکی کەم گۆڕانکاریت بەسەر هات، بۆیان روون بکەوە کە ئەوانت لەبیر نەکردووە.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

نهێنییەکانی هاوڕێکەت لای کەس باس مەکە، چەند کەسێك دەیانەوێت پلانێك دژی هاوڕێکەت دابنێن و داوات لێدەکەن کە نهێنییەکانی بۆ باس بکەیت، چیتر هیچ قسەیەکی گرنگ لای ئەو کەسانە باس مەکە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەگەر ناتوانیت بەرگەی دووری خۆشەویستەکەت بگریت، ئەوا باشترین شت ئەوەیە ژیانی هاوسەری پێك بهێنن، ئەم هەفتەیە زۆر ماندوو دەبیت بەهۆی سەرقاڵ بوونت بەچەند کارێکی گرنگەوە.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بڕوا بەو قسانە مەکە کە دژی کەسی بەرامبەر دەکرێن و دوورن لەڕاستی، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەی بۆ گەیشتن بەو شتەی ماوەیەکە خەونی پێوە دەبینی. چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆش بە لەناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەو بێدەنگیەی ئێستا پەیڕەوی دەکەی کەسی بەرامبەری خستۆتە بارێکی سەختی بیرکردنەوە، هەر قسەیەکت هەیە لێی مەشارەوە راشکاوانە پێی بڵێ پێش ئەوەی لەدەستی بدەی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

دیاریەکی بەنرخت پێشکەش دەکرێت لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە، هەر ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ دووبارە بەهێزبوونی پێوەندی سۆزداریتان، دوای ئەوەی کۆتایی بە گرفتی نێوانتان دێت.

hemntoni@yahoo.com

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (نارینا) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (باران لە چ دروست دەبێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پیاوێك بە زمانی ئینگلیزی )
- پیتی خانەکانی (٨+٥+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦+٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گۆڤارێکی وەرزیە لە هەولێر دەردەچێ)!

